
www.kurdistannet.org
24-10-2006 8:06 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ڕیفۆرمی حزبی. داهێنانی مۆدێلێکی نوێی دیموکراتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە... عوسمان عەسکەری



حزب یان سیاسەت بریتیە لە دامەزراندنی ئۆرگانێک لە پێناو دروست کردنی فۆرمێک یان چوارچێوەیەک بۆ ڕێکخستن و گەشەپێدانی چۆنیەتی مامەڵەو ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە نێودەوڵەت یان هەرێمێکدا. ئەرکی بەڕێوەبردنی کارەکانی گەشەپێدانی حزب لە ئەستۆی سەرجەم سەرکردەو ئەندامەکانی حزبدایە.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەک ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی بابەتی کوردستان لەسەرەتای حەفتاکاندا دامەزراو هاتەمەیدانی خەباتو ململانێ، بە پەیامێکی نوێی ئەوسەردەمە وە بە ڕێبازێکی نوێی شۆڕشگێڕانە کە لە پەیڕەوی ناوخۆی ینک ڕێباز و ئامانج، ئەرکومافەکان دیاریکرابون. یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەچەندین قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕی تاگەیشتە لوتکەی دەسەڵات، ئیدی لەهەلومەرجی دەسەڵاتدا پەیڕەوی ناوخۆو لەبیر چۆوەو پەیامە شۆڕشگێڕانەکەی لاواز بو. بۆیە چاکسازی بوو بە مەرجی سەرلەنوێ ژیانەوەی ینک. ڕیفۆرمی حزب لە ناو یەکێتیدا واتە زیندوکردنەوەی پەیامە شۆڕشگێڕیەکەی و پیادەکردنی پەیڕەوی ناوخۆو بە دیموکراتی کردنی حزب و جەماوەرەکەی. بە دیموکراتی کردنی حزب بریتیە لە گۆڕانکاری بەرەو چۆنیەتی دابەشکردنی کارو دەسەڵاتی سیاسی نێو حزب لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە کەهەمو ئەندامێکی نێو حزب مافی خۆکاندید کردنو دەنگدانو بڕیاردانی لە دابەشکردنی کارەکانی حزبەکەیدا دەبێت. هەروا لەبری دەنگدانی ژمارەیەکی کەم لە ئەندامانی حزب بۆ دیاری کردنی دەسەڵاتەکانی حزب لەدوتوێی کۆنگرەیەکی دیاری کراودا، (هەروەک لای سەرجەم پارتەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست باوە)، ئەوا بەشداربونی فراوانی سەرتاسەری ئەندامان یاخود زیاترین ژمارەی ئەندامانی حزب لەدەنگداندا بەمەبەستی ڕیفۆرمی حزب بەتایبەت کە بارودۆخی حزب بەهەردوباری چاکو خراپ دەکەوێتە ئەستۆی سەرجەم ئەندامەکانی، داهێنانێکی گەلێک مەزنو مۆدێلێکی نوێی دیموکراتیە لەکوردستان. تا کام ئاست ئەم مۆدێلە گەشەدەکات وابەستەیە بە چەندین فاکتەری جودا جوداوە. بەتایبەت بارودۆخی ناوچەکە و ئەوگۆڕانکاریانەی ڕودەدەن وە ئاستی وشیاری کۆمەڵگای کوردستان لەمەڕ دیموکراتیەوە. ئەگەر ئاوڕێک لەمێژوی دیموکراتی بدەینەوە دەبینین لەدایک بونی دیموکراتی بۆ یەکەم جار لە ئەسینا کە زۆربەی زاناکان بەلەدایکبونی دیموکراتی ناوی دەبەن تەنها پیاوی ئازاد بۆیان هەبو بەشداربن لەدەنگدان. پیاوەهەژارەکان، ژنان و کۆیلەکان مافی دەنگدانیان نەبو. ئەوکات ساڵانە زیاتر لە 40 جار پیاوەئازادەکانی ئەسینا لە شاردا کۆدەبونەوەو دەنگیان بۆ بڕیارەکان وە بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتەکان دەدا. دیموکراتی ئەسینا چەندین جار لەبارچوو هاتەوە مەیدان و گەشەی کرد تائەو ئاستەی کە ئەمڕۆ زۆربەی وڵاتانی جیهانی پێ شادبوەو زۆر لەگەلانی دیکەی جیهانیش خوازیاری گەیشتن بە دیموکراتین. ڕیفۆرمی حزبی لەناو ینک دا بەڕێگەی هەڵبژاردن بەهەمو کەموکوڕیەکانیەوە دەستپێکێکە بۆ داهێنانی کولتورێکی نوێی دیموکراتی حزبی، بۆ جەماوەرو حزبەکانی دیکەی کوردستان و بگرە ناوچەکەش.

چاکسازی ینک گەشەپێدانی چۆنایەتی حزبو ئەندامو جەماوەری کوردستانە لە ڕێگەی دیموکراتی و هەڵبژاردنەوە. کاتێک ئەندامەکانی حزب بەپرۆسەی دیموکراتی و ڕوحی بەرپرسیارێتیو ململانێی مودێرنەوە کار دەکەن بۆ چاکسازی ئەوا خۆیان دەبن بە سانسۆر لەسەر زاتی خۆیان بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵیو کەموکوڕیەکانی خودو هەمان کات هەوڵدان بۆ خۆپەروەردەکردن چونکە پاکی زات و

بەدەستهێنای زانست دەبێتە مەرجێک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتو پلەی بەرپرسیارێتی و پێشخستنی حزب.

پرۆسەی ڕیفۆرمی حزب وهەڵبژاردنەکانی ینک، دەبێتە هۆکارێکی گرنگی گەشپێدانی دیموکراتی حزبو ئەندامو جەماوەرەکەی وەک

1- بەشداربونی فراوانی ئەندامانی حزب لەپرۆسەی هەڵبژاردن کاردەکاتە سەرناوەڕۆکی حزب و بڕیارەکانی حزبیش بەپێی ویستی خواستەکانی جەماوەر دەدرێت بەمەش دەبێتە حزبێکیجەماوەری بەهێز.

2- لای بەشدار بوانی هەڵبژاردن باوەڕکردن بەخۆو بەبونی خودو باوەڕی سیاسی بەهێز دەبێت کەئەمەش دەبێتە گەشەکردنی بیری مرۆڤانەو بەرپرسیارێتی لای ئەندامان و گەشەکردنی حزب لەناو جەماوەر.

3- هەڵبژاردن دەرفەتی لەبار بۆ ژنان دەڕەخسێنێ کەبتوانن لەدەسەڵاتی حزبدا بەشداربن، ئەمەش دەبێتەهۆی گەشەپێدانی کولتوری دیموکراتی.

4- ئەندامانی حزب زیاتر هەوڵی گەشەدان بە خۆیان دەدەن، و دەبێتە هۆی پێشکەوتنی کولتوری حزب واتە فێربون و نوێ بونەوەی حزب و سەرکردەو ئەندامەکانی.

دیموکراتی فۆڕمێکە کە بریتیە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ، بە دیالۆگ، گفتوگۆ بۆ یەکخستنی بڕیاری چاکسازی سیاسی، دەنگدانیش ڕێگەیەکە بۆ دیاریکردنی خواستو بۆچونەکانی کۆمەڵگا کە پێویستە دواتر بەئاکاری ویستو خواستەکانی جەماوەر کاربکرێت بەمەش حزب نۆرمێکی یان چوارچێوەیەکی دیموکراتی نوێ بۆ گەل دەهێنێتە مەیدان و جەماوەری کوردستان بەرەوئاکاری دیموکراتی دەبات. بۆیە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەبێتە پێشەوای ڕیفۆرمی حزب و داهێنانی مۆدێلێکی نوێی دیموکراتی حزبی لە سەرجەم ناوچەکە.

eskerei@yahoo. se